# "نە دەستگیرکردنی دکتۆر کەماڵو نە دادگایی کردنو نە سزادانەکەی هیچیان یاسایی نەبووەو بە قەدەر سەرە دەرزیەك شەرعییەتیان نییە"

## گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار عارف سەربارەت بە حوکمدانی دکتۆر کەمال سەید قادر

**ئۆکتۆبەر: لەبەرواری 19-12-2005دا دادگای ئیدارەی هەولیر لەماوەی پینج دەقیقەدا بریاری حوکمی زیندانی بۆماوەی 30 سال بەسەر دکتۆر کەمالدا سەپاند، ئیوە چۆن دەروانە ئەم دادگایەو بریارەکەیان؟**

ریبوار عارف: بەرلە هەرشتیك پیموایە دەبیت ئاماژە بەوە بکریت کە نە دەستگیرکردنی دکتۆر کەمالو نە دادگایی کردنو نە سزادانەکەی هیچیان یاسایی نەبووەو بەچەند دەلیل بە قەدەر سەرە دەرزیەك شەرعییەتی نییە، یەکەم دکتۆ کەمال نەگیرا بەلکو بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك ئیختیتاف کراو دواتر پارتی لە ژیر فشاریکی گەورەدا ناچار بوو بەوەی کە دان بە رفاندنی دکتۆر کەمال دا بنی. دکتۆر کەمال لە دادگا پاریزەی نەبووەو پاش یەك سەعات حوکمی عورفی دراوە بەسەردا. پارتی بەم کارەیان تەنانەت سنووری دادگای یە فۆرمالیەکەی بەعسیشیان شکاند، کە ئەگەر کەسیك بچووبایەتە بەردەم دادگا پاش سیٚ جار دادگایی کردن پاشان حوکمیکی دەدرا بەسەردا. ئەگەر پارتی بەهانەکەی ئەوەش بیت کە گوایە دکتور کەمال تەشهیری کردوە، تەشهیر لە خراپترین حالەتیدا بە پیٚی یاسای عقوباتی بەعسیش 20 تا 25 سالە نەك 30 سال حوکم. بۆیە بەراستی ئەمە دادگایی کردنی دکتۆر کەمال نەبوو بەقەدەر ئەوەی کە مانۆریکی سیاسی بوو بۆ ئەوەی بزانن کە خەلکی کوردستان تا رادەیەك مل بە سیاسەتەکانی ئەوان دەدەن، وەك ووتم ئەمە دادگایی کردن نەبوو بە قەدەر ئەوەی کە پەیامیك بوو بۆ چاوترساندنو پاشەکشە پیٚ کردنی دەنگی نارەزایەتی دەربرینی خەلکی کوردستان.

**ئۆکتۆبەر: لەوبارەیەوە کە زۆرکەس دەلین دکتۆر کەمال لە نوسینەکانیدا، هیرشی بریندارکەرانەی کردۆتە سەر سەرکردایەتی پارتیو کەسایەتیەکانی، تۆ لەم بارەیەوە ئەلێیت چی؟**

ریبوار عارف : بەلیٚ وایە کەسانیك هەن لەبارەی مەسەلەکەی دکتۆر کەمالەوە ئەو قسانە دەکەن. کە لە راستی دا ئەو کەسانە دەبن بە دوو بەشەوە هەندیٚکیان مەسلەحەتیان وائیجاب دەکاتو نایانەویت بەهۆی هەلویٚستگرتنیکەوە ببنە جیٚگەی ئاماژەی دەسەلات بە تایبەت جیگە سەرنجی پارتی. هەندیك کەسانی تریش هەن کە بوونەتە قوربانی تەبلیغاتیکی دوو جەمسەری چ لە لایەن پارتی خۆیەوەو چ لە لایەن ئەو بەناو "رۆشنبیانەوە" بۆیە ( تشهیرکردن ) دەکەنە بەهانەی شانخالی کردن لەبەرامبەر بە تاوانیکدا کە پارتی پیٚی هەستاوە. باشە ئەوا ئەو تشهیری کردوە هیرشی کردوەتە سەر سەرکردایەتی پارتی، ئایا ریگەی یاسایی ئەوەیەکە بە نامەیەك ئاگاداری بکەنەوە کە لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا لە دادگا ئامادە بیٚت یان دەبی بیٚسەروشوین بکریت وبۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك کەسیك سۆراخیکی نەزانیت. ئەوا ووتمان بەلیٚ باشە تەشهیری کردوە ئایا دەبیٚ یاسای پارتی ریگەی داکۆکی کردنی ئەو کەسە لە خۆی بگریتو تەنانەت لە پاریزەری خۆشی بیٚ بەشی بکات؟ ئایا ریگە چارەو "سەروەری یاسا" لای پارتی ئەوەیە کە یەك سەعات دادگایی بکریتو بریاری حوکمی 30 سال زیندان کردنی بدریت بەسەردا ؟!! هەقیقەت ئەوەیە کە هەموو ئەو قسانە پوچنو تەنها لە خانەی پاساوو پاکانەو شانخالی کردنەوەدا مانا پەیدا دەکات. هەقیقەت ئەوەیە کە دکتۆر کەمال بەهەر تیبینیەکیش لەسەر وتارەکانی بەلام بەهۆی دەربرینی بیروراى خۆیەوە گیراوەو حوکم دراوە. هەروەك باسمان کرد حوکمی30 سال زیندانی کردنی دکتۆر کەمال ئەو گورزە کوشندەیەیە کە پارتی دەیەویت بیدا لە دەنگی نارەزایەتی دەربرینی خەلکی کوردستانو چاوترسانو پاشەکشەپیٚکردن بە رۆشنیرانی نارِازیو کەسانی ئازادیخواز ئەو بزوتنەوە بەرفروانەی کە لە یەك سالی رِابردودا سەرتاسەری کوردستانی گرتووەتەوە دژ بە گەندەلیو دژی نا عەدالەتی دژ بە دەست دریژی کردن بۆ سەر ماف وئازادی یەکانی خەلکی کوردستان، دژبە بزوتنەوەیەکی جەماوەری فراوان کە سەریکی بەدەست خویٚندکاران ولاوانەوەیەو سەریکی تریشی بە دەست جەماوەریکی فراوان لە کەسانیك کە رۆژانە دژ بە نەبوونی ئاوو کارەباو بەنزین وسووتەمەنی ودەیان گیروگرفتی ترەوە دەرژینە سەرشەقامەکان بۆ داکۆکی کردن لە ماف وداواکاریەکانی خۆیان. پارتی دەیەویٚ لەپشت حکومەکەی دکتۆر کەمالەوە ئەوە بە خەلکی کوردستان بلیت کە هەرکەسە نارِازی بیت بە دەسەلاتی ئیمە ئەوا بەو دەردەی دەبەین کەبەسەر دکتۆر کەمالماندا هینا.

**ئۆکتۆبەر: ئەم بریارەی دادگای هەولیر لەروانگەی هەموو ئینسانیکی پیشکەوتنخوازەوە، ناحەقیەکی گەورەیە بەرامبەر بە دکتۆر کەمالو تەواوی نوسەرانی پیشکەوتنخوازو تەنانەت خەلکی نارازی کوردستان، تۆ ریشەی گرتنەبەری ئەم ناحەقیەی پارتی بۆچی ئەگیریتەوە؟ وە بیدەنگی ئەحزابی تری سەرساحەی سیاسی کوردستان بەتایبەتی یەکیتی نیشتمانی چۆن هەلدەسەنگینی؟**

ریبوار عارف : بەبرِوای من دادگایی کردنی دکتۆر کەمال خۆی لەپشت سەر دوو پەیامی سەرەکی دا حەشارداوە کە بەم شیوەیەیە: یەکەم پارتی دەیەویت پاش کۆتایی هاتنی گالتەجاری هەلبژاردن ئەوە نیشانی حکومەتی مەرکەزی وحزبەکانی تر بدات کە بەلیٚ ئەویش قودرەتی هەیەو دەتوانی سەرکوت بکات ودەتوانی کۆنترۆل بکاو دەتوانی لە کوردستان کاریك بکات کە ئاو لە ئاو تەکان نەخوات. دەیانەویت بە حکومەتی جەعفەریو دەستەو دائیرەی ئیسلامی یەکان وناسیونالیزمی عەرەب بلیت، خەمتان نەبیت لە کوردستان هیچ شتیك نی یە کە لە سنووری دەسەلاّتی ئیمەوە دەرچیت، خەمتان نەبیت ئەو بزوتنەوە جەماوەریەی

که نایەویت لەگەل ئیوەدا بژین‌و دەیانەویت جیابنەوە ناتوانن سەرپیچی لە فەرمانی ئیمە بکەن‌و ئیمە ئەوەتان بۆ مسۆگەر دەکەین وئیوە نیگەرانی شتیکی وا مەبن. دیویکی تری ئەم سیاسەتەو حوکمدانی دکتۆر کەمال چاوترسان‌و هەرەشە لیّ کردنیکی رۆشنە لە هاتنەمەیدانی خەلکی کوردستان دژ بە گەندەلی ودژ بەپیشلکردنی ماف وداواکاری یەکانیان، دژ بە بەرەی نارازی‌و خەباتی جەماوەری خەلکی کوردستان. ئەوان دەیانەویّ پاش هەلبژاردن بە خەلکی کوردستان بلین ملتان شۆرکەن‌و دەمتان داخەن ئەگینا سزاو زیندان وسەرکوت میوانی هەمیشەییتان دەبیت. بەشی دووەمی پرسیارەکەتان کە لەپەیوەند بە بیّ دەنگی ئەحزابی ترو..... تا بەو شوینەی کە بە حزبەکانی تری سەر شانۆی سیاسی کوردستان دەگەریتەوە پیشتر زۆریك لەو حزبانە ئیمتحانی خۆیان داوەو بە تایبەت لە رواداوی راپەرینی خەلکی کەلاردا ئەمانە بەرۆشنی بینمان کە چ هەلویستیکیان گرتە بەر، بۆیە ئیستە ئیتر ئامادەنین کارنامەی خۆیان لەلایەن حزبە دەسەلاتدارەکانەوە دووچاری لیپرسینەوەو گرفتیك بکەن بەخاتری ئەوەی دکتۆر کەمالیك گیراوەو وقوفل لەدەمی ئازادی بیرورا دەربرین دەدریت.. بەنسبەت یەکیّتیشەوە، یەکیتی خۆی مالەکەی شووشەیە چۆن بەرد دەگریتە مالی هاوپەمانەکەی خۆی لە کاتیکدا کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لەجیّ خستنی ئەم جۆرە سیاسەتانە. جگە لەمەش مەگەر ئەوە نیە کە هەر رۆژە بەشیك لە خەلکی ئەم شارو ئەوشاری ژیر دەسەلاتی خۆیان دژ بە کردەوەو کارنامەی دەسەلاتداریەتی یەکیتی هاتوونەتە مەیدان.

مەگەر کارنامەی یەکیتی خۆی چەندە پرشنگدارە لەبەرامبەر ئازادی بیروا دەربرین‌و ئازادی بەیان‌و ئازادی خۆپیشاندان‌و مانگرتن... مەگەر یەك سالی رابردو چەندجار تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردو چەندین کەسیان خستە زیندان و... ئەی کەواتە دەبیّ چ چاوەروانی یەك لە هەلویستی یەکیتی بکریت؟ بەلام بەبروای من ئەمە هیشتا بەشیکی هەقیقەتەکەیە، بەشەکەی تری ئەوەیە کە یەکیّتی ماسی لە ئاوی لیلدا دەگریّ، بە هەلبژاردنی سیاسەتی بیّ دەنگی‌و خۆکەرکردن دەیەویت لەلایەکەوە ئاویك بەدلی خۆی دا بکات‌و بە زمانی بیّ زمانی بە پارتی بلیّ ئەها تۆش چۆن کەوتوویتە بەردەم نارەزایەتی دەربرینی خەلکی کوردستانەوەو لەلایەکی تریشەوە دەیەوی بەهرە لەو بارودۆخە وەربگریت‌و بە خەلکی کوردستان بلیت چاوتان لیّ یە ئیمە چەند "دیموکراتین" کەسانیك کە نارەزایەتی سیاسیشمان بەرامبەر دەردەبرن ئیمە چەند رۆژو هەفتەیەك زیندانی یان دەکەین... بەلام سەرئەنجام ئەم خۆ حەشاردان‌و فریوکاری یە بۆ خەلکی کوردستان پولیکی قەلب ناکات، پرسیارەکە ئەوەیە جیاواز لەوەی کە ئیوە هاوپەیمان‌و "حکومەت‌و پەرلەمانیکی" هاوبەشتان پیکهیّناوە؟ ئیوە هاوپەیمان‌و پیکەوە دەسەلاتداری ئەم کۆمەلگایەن ئیوە سکرتیری حزبەکەتان سەرۆکی حکومەتی عیراقەو لەمبارەوە لام تاکامی نەفەرمووە.

**ئۆکتۆبەر: ئیوە هەر لەیەکەم رۆژی بیسەروشوین کردنی دکتۆر کەمالەوە کەمپینێکتان بەمەبەستی ئازادکردنی وەریخست، ئیستا کە ئەم حوکمە قورسەی بەسەدرا سەپینراوە، ئەو کەمپینەی ئیوە چ ئیقداماتیکی تری خستۆتە دەستوری خۆیەوە؟ چی لەبەرنامەدایە بۆ رزگارکردنی دکتۆر کەمال‌و هەلوەشاندنەوەی ئەم حوکمە؟**

ریبوار عارف : بەر لەهەرشتیك ئەوە بلّیین کاتیك کە ئیمە کەمپینمان بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمال ڕاگەیاند ئەو هیشتا نەدرابوو بە دادگاو هیچ کەسیکیش تەسەوری ئەوەی نەدەکرد کە ئەگەر لە زووترین ماوەدا ئازادی نەکەن، ئەوا ڕووبەڕووی سزایەکی لەو چەشنە سەرسورهینەرو بەدوور لە هەر بنەمایەکی یاسایی‌و هیچ پرانیسیپیکی ئینسانی‌و .... لەلایەکی تریشەوە وەك باسمان کرد ئەمڕۆ ئیتر مەسەلەکە گرتن‌و حوکم دانی کەسیك نی یە بە ناوی دکتۆر کەمالەوە، بەلکو هەرەشەیەکە لە هەموو خەلکی راپەریووی کوردستان لە چارەنووسی بزوتنەوەی نارەزایەتی، لە ...تاد بۆیە ئیمە پیمان وایە کە دەبیّ لە ئاستیکی هەرچی بەرینتردا هەول بدریت بۆ بەرپاکردنی کەمپنیکی کەم وینەی بەجۆریك کە چ لە ئاستی نیونەتەوەییداو چ لەنیو خۆی کوردستاندا ئەم مەسەلەیە بکریتە هەوینی شەریکی گەورەتر بۆ داکۆکی کردن لە ئازادی بیرورا دەربرین، ئازادی بەیان، ئازادی رەخنەگرتن، ئازادی مانگرتن‌و خۆپیشاندان ... بۆیە لەم رۆژانەدا ئیمە کەمپینەکەمان لەگەل چەند کەمپین‌و کۆرو کۆمەل‌و کەسایەتی تردا گریّ پیّ دایەوە ئیستە لە کەمپینکی زۆر بەرفراوانتر پیکەوە کار دەکەین. لەپەیوەند بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە ئیمە پلاتفۆرمیکمان خستووەتە بەردەست لیژنەی سەرپەرشتی ئەو کەمپینەی کە ئاماژەمان پیّ کرد، بەمەبەستی تاتوتویّ کردن وبریاردان لەسەری کە چوارچیوەی گشتی پلاتفۆرمەکەیان پەسەندکردوەو ئیستە کاریان لەسەر دەکەین کە دە تەوەرە سەرەکی یان ئیقداماتیك کە ئیمە لەمبارەوە خستوومانەتە دەستوورکاری خۆمان بەم شیوەیە : سەرەتا هەفتەی ڕاگەیاندن، مەبەست لە ڕاگەیاندنی کەمپینەکەیە بە وێنەی ڕووداوێك کە سەرنجی دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی بۆ خۆی راکیشیت لەم بارەشەوە راگەیاندنی کەمپینەکەمان بەچەند زمانی جیاوازی دنیا تەرجمەکردوەو ناردومانە بۆ دەزگاکانی راگەیاند بەدەستەوە گرتنی چەند کەنالیکی تەبلیغاتی وەك پالتاك، ئەنترنیت، رادیۆ، هەفتەنامەیەك.... گێڕانی کورو سیمنار لە هەندران‌و لە کوردستان... کارکردن بۆ گرنگی دان بە مەسەلەی لایەنی یاسایی کارەکانمان.... هەروەها پەیوەندی بە حزب‌و ڕێکخراوە پیشەیی‌و ئینسان دۆست، کریکاری، یاسا ناس، یەکیەتی نووسەران‌و ریکخراوە جەماوەری یەکان چ لە کوردستان‌و چ لە هەندەران.

هەوەرها راکیشانی پشتیوانی نووسەران، رۆشنیران، سیاسەتمەداران... پاریزەران، حەساسکردنەوەی دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستان بۆ ئەم مەستە... گرنگی دان بە ( ئەورووپای یەکگرتوو، پەرلەمانی وولاتانی ئەوروپا، کۆمۆسیونی مافی مرۆڤی ئەورپا، ئەمنستی، هیومنڕایت وەچ، هیّزەکانی ئەمەریکا لە عیراق وەك لایەنێکی دەسەلاتدارو دەخیل لەبارودۆخی سیاسی عیراق وکوردستان دا. سازدانی خۆپیشاندان‌و دەربرینی نارەزایەتی جەماوەری لەبەردەم سەفارەتەکانی عیراق لەهەندەران‌و چەند شوینیکی تر... هەروەها بەهەمان شوە کارکردن بۆ بەرپاکردنی نارەزایەتی جەماوەری لە کوردستان دژ بەم بریارە بە مەبەستی ئازادی بیّ قەیدو

شەرتی دکتۆر کەمال. دابین کردنی چەند فۆرمیك كـه بـەم شـێوەیە: ئیمزاکردنـی حـزبو لایەنـەکا، ئیمزاکردنـی نوسـەرو ئـەدیبو ڕۆشـنبیرو کەسـایەتی سیاسـیو کۆمەلایەتی یەکان. پاریزەرانی خۆبەخش.. دابین کردنی فۆرمی ئیمزای جەماوەری.... دابین کردنی ئیمکاناتیکی مادی بۆ بەڕیوە بردنی کارەکانی ئەم کەمپینە.

**ئۆکتۆبەر: لەکۆتاییدا تۆ چ پەیامیکت بۆ خەلکی پیشکەوتنخوازو نوسەران و دادوەران و ریکخراوە جەماوەری و ئینسان دۆسـتەکان و.... هەیـە، تـا لەراسـتای رزگار کردنی دکتۆر کەمالدا بیگرنەبەر؟**

ریبوار عارف : مەسەلەی ئازادکردنی دکتۆر کەمال مەسەلەی داکۆکی کردنە لە ئازادی بیروڕادەربرین ئازادی بەیان، ئازادی رەخنەگرتن، دادگـایی کردنـی دکتـۆر کەمال کراوەتە هیمایەك بۆ دادگای کردنی هەر دەنگیکی نارەزایەتی دەبرینو سەرکوت کردنی ئەو بزوتنەوە بەرفروانەی خـەلکی کوردسـتان دژ بـەحزب وحکومـەتی دەسەلاتدار. بۆیە تەنها ریگە دژ بەو بریارو سیاسەتەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان گرتویەبەر هاتنەمەیـدانی جـەماوەری بـەرینی خـەلكو پەرەپیـدان بـە خـەبات وتیکۆشانیانە دژ بە دەسەلاتیك کە لەبەرامبەر بیرورا دەربرین ورەخنەگرتنـدا توونـدترین سـزای چـاوەروان نـەکراو دەدات. بۆیـە دەبیـت بـەرەی ئـازادیخوازی خـەلکی کوردستان وەلامیکی دان شکین بدەنەوە بەم سیاسەتەو بەتووندی نارەزایەتی خۆیان دژ بـەو بریـارە دەربـبرن. بـە تایبـەت چـاوەروان دەکریـت رۆشـنبیرانو نووسـەران، ئەدیبو قەلەم بەدەستان، پاریزەور یاساناسان، خویندکاران ولاوانی شۆرشگیر ببنە داینەمۆی نارەزایەتی دەربرین وپیشرەوی مەیدانی ئەم کیشمەکیشە. پـەیامی مـن بە گشتی بۆ خەلکی کوردستان ئەوەیە کە وەلامیکی شایستەی وا بدەنەوە بە پارتی کە نەك هەر ناچـار بیـت بـەزووترین کـات دکتـۆر کـەمال ئـازاد بکـات، بـەلکو پاشەکشەیەکی گەورە بە هەموو ئەو نەخشەو پیلانە سەرکوتگەرانە بکرێ کە لە خەیالی خۆیاندا دژ بە خەلکی کوردستان پلانیان بۆ دارشـتووە. دەمـەویت لیرەشـەوە خەلکی کوردستان دلنیا بکەینەوە لەوەی کە وینەیەکی نۆی لە هاوپشتی جیهانی بۆ مسۆگەر کردنی ئازادکردنی دکتۆر کەمال دەخەینە روو!